# Barnebøker for Norge

barneboker.no

ئەو ڕۆژەی ماڵەوەم جێهیشت بۆ ئەوەی بچم بۆ شار

Skrevet av: Lesley Koyi, Ursula Nafula
Illustret av: Brian Wambi
Oversatt av: Agri Afshin

Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.

Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 4.0 Internasjonal Lisens.
https://creativecommons.org/licenses/by/4.0/deed.no

# ئەو ڕۆژەی ماڵەوەم جێهیشت بۆ ئەوەی بچم بۆ شار




Lesley Koyi, Ursula Nafula
Brian Wambi
Agri Afshin
kurdisk (sorani)
nivå 3




له گوندەکەی ئێمە وێستگەیەکی بچوکی پاسی لێ بوو، کە پڕ بوو له خەڵك و پاسی زۆری لێ ڕادەوستا. هەتا له سەر زەویەکە شتی زۆری لێ بوو کە دەبوایه بارکرابان. شاگردی شۆفیرەکان هەرای نێوی شوێنەکانیان دەکرد کە پاسەکان بۆی دەچوون.




گوێم لە دەنگی شاگردشۆفیرێك بوو کە هەرای دەکرد:

“شار” “شار” “وێستگەی ڕۆژئاوا!” ئەوە ئەو پاسە بوو کە من دەبوایە سوار بووبایەم.




پاسی شار هەمیشە پڕ بوو، بەڵام خەڵك هەر پاڵیان پێكەوە دەنا بۆئەوەی سواربن. هەندێك بارەكانی خۆیان دەخستە ناو سندوقچەكانی ژێر پاسەكە. ئەوانی دیكەش دەیانهێنایە ناو پاسەكەو لە سەر ڕەفەكانیان دادەنا.





پاسەكە كە دەگەڕایەوە زۆر بە خێرای پڕ بوو. گرنگترین شت بۆمن ئێستا دیتنەوەی ماڵی مامم بوو.




مسافیره نوێیەکان بلێتەکانیان بە توندی لە ناودەستیان
گرتبوو و لە ناو پاسە شلووقەکەدا بە دوای شوێنێکدا
دەگەڕان دابنیشن. ژنەکان هەوڵیان دەدا شوێنێکی گونجاو
بۆ مناڵەکانیان دروست بکەن لە سەفەرە دوور و
درێژەکەیاندا.






نۆ کاتژمێر دواتر، بە دەنگی بەرزی پیاوێك وەخەبەر هاتم
کە هرای مسافیرەکانی دەکرد بۆ گەڕانەوە بۆ گوندەکەم.
منیش جانتا چکۆلەکەم هەڵگرت و لە پاسەکە هاتمە
خوارێ.



من بە زۆر شوێنی خۆم لە تەنیشت پەنجەرەیەکەوە کردەوە. ئەو پیاوەی لە تەیشت منەوە دانیشتبوو، کیسەیەکی سەوزی لە ناودەستدا بوو. ئەو سەندەڵێکی لە پێدا بوو لە گەڵ کۆتێکی کۆنە، ئەو پەشۆکاو دیاربوو.





لە ڕێگا توانیم نێوی ئەو شارە گەورە لەبەربکەم کە مامم لێی دەژیا. نێوی شارەکەم لەبەر خۆمەوە دەکوتەوە تا ئەوەی خەوم لێ کەوت.



بەڵام هەر بیرم لای ماڵەوە بوو. ئایا دایکم سەلامەت دەبێ؟
ئایا دەتوانم هیچ قازانجێك لە کەروێشکەکانم بکەم. ئایا
براکەم لە بیری دەبێ ئاوی درەختە نوێیەکانم بدات؟





لە پەنجەرەڕا تەماشای دەرێم دەکرد کە خەریك بوو لە
گوندەکەم دوور دەکەوتمەوە. ئەو شوێنەی کە لێی گەورە
ببووم. من دەمهەویست بچم بۆ شارە گەورەکە.



هەموو کەل وپەلەکان بارکران و مسافیرەکانیش لە شوێنەکانیان دانیشتن. دەستفرۆشەکان هێشتا هەر بە زۆر خۆیان بە ناو پاسەکەدا دەکرد بۆ ئەوەی شتەکانیان بە مسافیرەکان بفرۆشن. ئەوان هەرایان لە شتەکانیان دەکرد کە دەیانفرۆشتن. نێوی شتەکان زۆر سەیر بوون.





کەم کەم بە درێژایی سەفەرەکەمان ناو پاسەکە گەرم بوو. من چاوەکانم چوقاند بە ئومێدی ئەوەی خەوم لێ بکەوێ.



هەندێك لە مسافیرەكان خواردنەوەیان کڕی، ئەوانی
دیکەش خواردنیان کڕی و دەیانخوارد. ئەوانەشی کە
پارەیان نەبوو، وەکوو من، تەنها چاویان لێ دەکرد.





کاتێ پاسەکە وێستگەکەی بە جێ هێشت، من لە پەنجەرە
تەماشای دەرێم دەکرد. بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا
جارێکی دیکە دەتوانم بگەڕێمەوە بۆ گوندەکە.




هەموو ئەم چالاکیانە لە گەڵ هەرای شۆفیر کە بەمانای ئامادەین بۆ ڕۆشتن، تەواو بوو. شاگردی شۆفیر هەرای کرد کە دەستفرۆشەکان دەبێ بچنە خوارێ.





دەستفرۆشەکان پاڵیان بە یەکترەوە دەنا بۆ ئەوەی زوو لە پاسەکە بچنە خوارێ. هەندێك باقی پارەکانیان دەدایەوە بە مسافیرەکان. هەندێکی دیکەیان هەوڵیان دەدا لە کۆتا دەرفەتدا شتی زیاتر بفرۆشن.